Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.01 19:37:33 +01'00'

# ڕوون کردنەوەیەک لە مەڵبەندی (٢)ی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە

سەبارەت بەو هەواڵانەی بڵاوکرایەوە لە بارەی خۆپیشاندانی ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/٣١ لە شاری کەرکوک ، بە پێویستی دەزانین چەند ڕوونکردنەوەیەک ڕابگەیەنین لە پێناو سەلماندنی ڕاستییەکان و ڕێگرتن لە شێواندنیان :-

- لێداوانێک بە ناوی بەڕێز (جەلال جەوهەر لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوک ) بڵاو کراوەتەوە لە ڕۆژنامی (الحیاة) ، گوایا لە ئاژانسی (فرانس پرێس)وە وەرگیراوە ، دەڵێت کاتێک خۆپێشاندەران هاتونە ڕووەو مەڵبەند پێکدادان دروست بووە لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزی پێشمەرگە .. ، دیارە ئەو هەواڵە دورە لە ڕاستیەوە و لێپرسراوی مەڵبەند لێدوانی وای ڕانەگەیاندووە بۆ هیچ ئاژانس و کەناڵێک ، ڕاستییەکەش ئەوەیە ، کە خۆپیشاندەران بە نەخشە و پلانی بەعسی و تێکدەران ڕێرەوی خۆپیشاندانەکەیان بەرەو بارەگای مەڵبەندی (٢)ی ڕێکخستنی کەرکوک و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی الشعب الترکمانی و حزبی التەلیەعی ناسری هێنا و لە ئەنجامی سەرپێچی و تەقەکردنیان لە هێزی پۆلیس و ئاسایش کە ئەرکی پارێزگاری کردنی خۆپێشاندانەکەیان لە ئەستۆ گرتبوو ، تەقە دورست بوو و ئەو ڕوداوەی لێ کەوتەوە ، پێویستە ئەوە بزانرێت کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کەرکوک نییە و لایەنێک نەبووە لەو ڕوداوە .

- چەند لێدوانێک بڵاو کراوەتە لە ڕۆژنامەی (الحیاة) و ئاژانسی (فرانس پرێس) بە ناوی پۆلیسی کەرکوک لە لایەن (مقدم الشرطة سالم طیب طاهر ) ، دورە لە ڕاستیەوە و لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک ئەفسەرێک نییە بەو ناوە.

- لە ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/٣١ کەسێک بە ناوی( عەباس عومەر ) گیانی لە دەست دا لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێک پێدا لە نزیک باروت خانەی شاری کەرکوک ،بە هۆی تەقینەوەیەکی نەخشەداڕێژراودا نەبووە وەک لە هەندێک کەناڵ و ڕۆژنامە بڵاو کراوەتەوە بە مەبەستی تێکەڵ کردن و شێواندنی ڕاستییەکان .

مەڵبەندی (٢)ی ڕێکخستنی کەرکوک
٢٠٠٤/١/١